

عەدالەت عەبدوڵلا - سلێمانی*

# ستراتیژی کورد لە عێراقی داهاتوو و بنەمای هاوپەیمانێتی !

کەمتر لە دوو مانگمان لەبەردەمدا ماوە بۆ بەشداربوون لە پرۆسەیەکدا کە لە ناونیشانە روالەتییەکەیدا بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادانەی خەڵک و بگرە، وەک هەندێ جار دەوترێ، شایی دیموکراسی، بەڵام لە گەوهەردا، بۆ هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای عێراقی و، هەر هێزێک لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکان، یەکسانە بە پرۆسەیەکی چارەنووسساز. هەڵبژاردنەکانی عێراق، لەبەر رۆشنایی ئەزموونی چەند ساڵی رابردووی رووداو و ململانێ و قەیرانەکانی ئەم وڵاتەدا، ستراتیژی جیاجیای لای هێزە عێراقییەکان هێناوەتە گۆڕی، ناچاریکردوون سیاسەت و تەکتیک و رێوشوێنی جیاجیاش بگرنەبەر بۆ ئەوەی بە ئەنجامێکی دڵخواز لەم پرۆسەیە بێنە دەرەوە. ئەوەی گەوهەری ستراتیژی هێزو قەوارە بەشداربووەکانیش لەدواخاڵدا کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم بۆنە دیموکراتییە بەشداریی و پشکی چاوەڕوانکراوی خۆیان لە دەوڵەت و دامەزراوەکان و کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بۆ دابینبکات، ئەمە دەتوانین بڵێین ئامانج و ئیرادەی هەموو قەوارە سیاسییەکانە. لەو چوارچێوەیەدا، ئەمرۆ لە عێراقدا هێزگەلێک هەن دەیانەوێ بچنە پێشەوە، هەیە دەیەوێت پێگەی رابردووی بپارێزێت، هێزی تریش هەن کە دەخوازن تووشی پاشەکشە نەبن.

لایەنی کوردی لەعێراقدا ستراتیژێکی لێکدراوی ( مرکب ) هەیە، دەتوانین بڵێین تێکەڵەیەک لە کۆی ئەو ئامانجانەی هەیە: لەلایەک تروسکەیەک هیوای بەوەیە کەرتبوون و دابەشبوونی ئیئتیلافە گەورەکانی رابردووی هێزە عێراقییەکانی تر بەسەر ئیئتیلاف و قەوارەی جیاجیاو بگرە ناکۆک بەیەکدا ئەگەرێک بخولقێنن بۆ بەهێزبوونی پێگەی لەعێراقدا، لەلایەکی ترەوە، خەمی بەدەستهێنانەوەی پێگەی رابردووی هەیە، لەلایەکی تریشەوە هەوڵ بۆ رەواندنەوەی ترسی پاشەکشە دەدات لەو مەکانەتە سیاسییەی لەدوای ٢٠٠٣/٤/٩وە لەعێراقدا بەدەستیهێناوە. بێگومان ئەم سێ ئامانجە کە ئیلهامبەخشن بە ستراتیژی لایەنی کوردی، هەریەکەو بەرێژەی جیاواز لە گۆڕێدایە، دەشێت هەڵەو پاشەکشەی ئەوانیتر کورد بکاتەوە لایەنێکی بەهێزتر لەئێستای پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا، دەشێتیش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەجۆرێک بن ئارەزووی مانەوە بکەین لەپێگەی خۆماندا، یان بە رادەیەک ترسناک بێت بمانکاتە پێکهاتەیەکی بچووک و لەسەر ئەم بنەمایەش رۆڵمان پێ بدرێت و مامەڵە لەگەڵ مافە سیاسی و دەستورییەکانمان بکرێت.

لە هەموو دۆخێکدا ئەوەی نەگۆڕە بۆ لایەنی کوردی دوو پرەنسیپە، یەکەمیان: یەکخستنی ئیرادەی سیاسیی کوردی لە بەغدا بەجیاوازیی لیست و قەوارەکانەوە، دووەم : هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ هەر ئیئتیلاف و قەوارەیەکدا کە گرەنتی مانەوەمان بکا لەو پێگە سیاسییەی لە وڵاتدا هەمانە، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ئاستەنگییەکی سیاسی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیی بەلاوە بنێین و بەدوو لۆژیک سیاسەت بکەین، یەکەمیان: تەرازووی هێز -Bal ance Power of ، واتە کۆمەککردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی هێز کە لەبەردەم هێزە سیاسییەکانی تردا راماندەگرێت، ئەمەش لەباری سیاسییەوە بەوە دەبێت بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا پێکبهێنین بەجیاوازی ئاراستەی ئایدیۆلۆژی وسیاسییانەوە، دووەم: لەئێستاوە بۆ دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن واپیشان نەدەین لایەنی کوردی دەرگای ئیئتیلافاتی سیاسیی خۆی تەنها لەگەڵ چەند هێزێکدا بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵکو زەمینەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەرهێزێکدا خۆشبکەین کە باوەڕی بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانمان هەبێت. لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووهەمدا لە چەرچل-یان پرسیبوو : نهێنیی هاوپەیمانیی تۆ لەگەڵ ستالیندا چییە، ئەویش بە رستەیەک وتبووی: ئامادەم لەگەڵ شەیتاندا هاوپەیمانی بکەم بۆ ئەوەی شکست بەئەڵمانیای نازی بهێنم. ئێمەش لە دارستانە ترسناکەکەی عێراقدا کە یاسای بەهێز و لاواز هەڵیدەسوڕێنێت، مەحکومین تەنانەت ئەو شەیتانەشمان لەپرۆسەی سیاسیدا قبوڵ بێت ئەگەر بەهۆی دروستکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوانمانەوە یارمەتیی چەسپاندنی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانمان لەعێراقدا بدات، ئیتر ئەو شەیتانە هەر ناو و ناونیشانێکی هەبێت!.

*** سەرنووسەری گۆڤاری واڵاپرێس**